www.kurdistannet.org

16-10-2006 8:21بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

# پێشنیارێک بۆ قادرعەزیز ی نوێنەری سەرۆکی هەرێم دەربارەی ماددەی 140

هەڵبەتە من لە هەلوو مەرجی کوردستان دوورم، بەڵام داوا لە جەنابتان دەکەم پێش ئەوەی 10تا 15 ساڵ لەتەمەنتان بخەنە سەرتەمەنی کەسانێکی تربە خاتر ئەوەی بەشەکەت نەبرێت لە دوای مردنی / خوا نەکا/. باشتر وایە 10 تا 15هەفتەیەک لە تەمنتان تەرخان کەن بۆئەوەی پێش هەمووشتێک لە جێبەجێ کردنی ماددەی 140 قەزاو ناحیە دابراوەکانی شاری کەرکوک بگەڕێننەوە سەرپارێزگای کەرکووک هەروەک چۆن بەعس بەیەک قەرار ئەو قەزاو ناحیەیانەی دابڕی. ئەمە لە خۆیدا لەباری تەکنیکی وکات و ماددەوە زۆر ئاسانترە لە گێڕانەوەی ئەو هەموو ئەبووجەعلوونەهاوردەی شاری کەرکووک بۆجنووب و شوێنەکانیتر. چوونکە ئەگەرئەمەت ئەنجامدا ئەوا خود بە خود عەرەبی هاوردەت لەباری دەروونییەوە واتە سایکۆلۆجی زیاتر ئامادەکرد بگرە زووتریش ئامادەیە بۆگەڕانەوە.
جا بۆیە جەنابی کاک قادر عەزیزپێویست ناکات چرکەیکیش لەتەمەنی خۆت بخەیتە سەر تەمەنی کەسانی تر، چونکە بەگەرانەوی کەرکووک بۆ سەرهەرێمی کوردستان نەک هەبەشەکەی تۆ دەبڕی بەڵکوو بەشەکەی تۆش وهەموو خەڵکی کوردستان زیاد دەکات.

ناسرسۆرانی/سویسرا